



# شۆڕش ئاهی:


# خەتای هونەرمەندە کە دیوار و

*** تا ئێستا داوات لێکراوە پرۆژەیەکی وەك ئەوانەی لە تاران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەشتکردووە، لە کوردستان بە ئەنجام بگەیەنیت؟**

-وەك پرۆژە، هێشتا شتێکی لەو جۆرە نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆم لەسەر شێوازی «پلاستیك ئارت» کار دەکەم و زیاتریش کارەکانم باسی جینۆساید بووە، چەند هاوڕێیەك پێشنیازیان بۆ کردم لە ساڵیادی ئەنفالدا، وەك مینۆمێنتێك یان وەك کارێکی هونەری پرۆژەیەك پێشکەشی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال بکەین کراون، بتوانین تێیدا زیاتر لایەنی ئینسانی کارەساتەکان بڵاو بکەینەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەرختسەیەکمان لەسەر نووسی.

***هەندێك کاری سیرامیك لە هەولێر و سلێمانی کراوە، لەرووی هونەرییەوە لە چ ئاستێکدا دەیانبینیت؟**

-بەداخەوە، لەچاو ئەو کارانەی لە ئەسفەهان یان تاران و هەر شارێکی دیکەی ئێران دەکرێت، دەبینین بایەخ پێدان بەم بوارە زۆر کەمترە، لە ئێران بایەخێکی زیاتریان بەو بوارە داوە، بەتایبەتی شارەوانییەکان. لە هەر شارێك دامەزراوەیەك هەیە تایبەتە بە جوانکاری شارەکە، هەموو پرۆژەیەکی قوتابیانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان وەردەگرن و لیژنەیەك هەیە دوای هەڵسەنگاندنیان، بەپێی گونجاویی پرۆژەکە و شوێنی شیاو، بڕیاری دانانی بۆ دەردەکەن. لە ئێستادا کە هەرێمی کوردستان دەرگای بەڕووی جیهاندا کردووەتەوە، پێویستە وەك چۆن لەبواری ئابووری قۆناغی مەزنی بڕیوە، پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە، لەو بوارە هونەریانەش زۆر بەرەو پێشتر بچێت. لەزۆر وڵاتان ئەنجومەنی گرافیکی هەیە، کەکار



# جادەی شارەکانی کوردستان رازاوە نین

## ئەوەی پاریس و لەندەنی جوانکرد هونەرمەندەکانیان بوو

دیمانە: کوردۆ شابان



**سەرەڕای گرنگی هونەری سیرامیك و بایەخ پێدانی لە جیهان و بوونی هەوادارانی ئەم هونەرە، کەچی تا ئێستا وەك پێویست لەلایەن کوردەوە ئەم بایەخەی پێ نەدراوە ئەگەرچی خاوەنی ژمارەیەك زۆر لە هونەرمەندانی ئەم بوارەشین، شۆڕش ئاهی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خاوەن بەهرە و توانایەکی زۆر و چەندین کاری هونەری جوانی لەگەڵ هونەرمەندە ئێرانییەکان بە ئەنجام گەیاندووە.**

بۆ رازاندنەوەی دیوار دەکەن، کارەکانیان وەك بەرگ پۆشینی شارە بە جلێکی جوان، ئەم جۆرە کارە لەولاتی ئێمەدا کەمە، ئەو شارەی تێیدا دەژین وەك ناوماڵەکانمان وایە، هەرچەندی رووپەکی جوانتری هەبێت، خۆشترە، ئیدی بۆ منی ناو ئەو شارە یان بۆ بیانەیەك بێت کە بەسەفەر دێتە وڵاتەکەمان.

***ئەو کەمتەرخەمییە لەرووی جوانکاری دیوار و شوێنە جیاجیاکانی شار، بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە یان بۆ هونەرمەندان و ئەو قوتابییانەی ساڵانە لە پەیمانگا و کۆلێژە هونەریەکان بڕوانامە وەردەگرن؟**

- پێموابێت حکومەت لە زۆر رووەوە کەمتەرخەمی نەکردووە لە پشتگیریکردنی کاری هونەری، بەڵام ئەگەر هونەرمەندەکە خۆی نەچێت پێشنیازێك پێشکەش بکات، کەس لەماڵ نایهێنێتە دەرەوە بڵێت دەبێ کار بکەیت، واتە کەمتەرخەمی لە هونەرمەندانەوەیە کە پرۆژەی هونەری پێشکەش ناکەن بۆ جوانکردنی شارەکان. سەیری هەر شارێکی دنیا بکەی کە لەو بوارە پێشکەوتووە، وەك پاریس، لەندەن، هەر شارێکی دی بێت، تەواوی کارەکان پێشنیاز و سەلیقەی هونەرمەندەکانیانن نەوەك پرۆژەیەکی حکومی بێت.

هونەرمەند ناوە، ناسنامەیە، هونەرمەندی وڵاتانی رۆژئاوا دەمێنێتەوە، بەردەوامە لە پێشکەشکردن، جەخت لەسەر هونەرەکەی دەکات، وڵاتەکەی دەکاتە ئەو ئاستە لەجوانی و هونەرکاری کە وەك شاری پاریس هەردەم ئارەزوو دەکەین بچینە ناوی و چێژ لە بینینی سیحری ئەو هونەر جوانەیان وەرگرین.

***هونەرمەند بۆ ئەوەی ببێتە ناو و ناسنامە، پێویستە شارەزای مێژووی وڵاتەکەی بێت، تاچەند هونەرمەندی وڵاتی ئێمە توانیویەتی سوود لە مێژووی کوردستان وەربگرێت بۆ هونەرەکەی؟**

- هەر کارێکی هونەری کە دەیبینی، سەلیقە و توانای هونەرمەندەکە پیشاندەدات. یەکێك لە مەرجەکان هەڵبەت ئەوەیە کە دەبێ هونەرمەند هەڵقولاوی کۆمەڵگاکەی خۆی بێت و شارەزا بێت لە هەموو خۆشی و ناخۆشی و گرفتەکانیان و دەبێ حەز و یستی کۆمەڵگاکەی بخاتە نێو هونەرەکەیەوە. بەداخەوە، لای ئێمە کەمتر ئەو خاڵە رەچاو کراوە، پێویستە هونەرمەند بیر و تەکنیك لێکجودا بکاتەوە، لەرووی تەکنیکەوە، هونەرمەندێکی سیرامیك لێرە بێت یان رۆما، هەمان تەکنیك فێر دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بیرەکەیە، دەبێ بزانین بە چ ئەندێشەیەك کارێکی هونەری لەناو کۆمەڵگای خۆمان دەکەین.

*** پێتوایە پەیکەرتاشێکی رۆژهەڵاتی، وەك رۆژئاواییەك ئازادە لە کارکردن، و نەبوونی ئەو ئازادییە رەهایە کار ناکاتە سەر کەمتەرخەمی لە داهێناندا؟**

-ئەگەر لەرووی مێژووەوە تەماشا بکرێت، بەڵێ جیاوازی زۆرە لەنێوان ئێرە و ئەوێ، رێگرەکانیش زۆرن، ئیدی بەناوی ئایین بێت یان دابونەریتی کۆمەڵگا، تەنانەت هەندێ رێسای ناو خێزانیش کە ئەمانە بەگشتی سنووری ئەو فەزای هونەرەیان بەرتەسك کردووەتەوە. خۆشبەختانە بەو پێیەی ئێستا تەکنەلۆژیا جیهانی کردووەتە گوندێکی بچووك، ئەو شتانەی کە پێشتر ئاگاداریمان لەسەری نەبوو، ئەمەش وایکرد دەرگایەکی گەورەی ئازادی بکرێتەوە،هەر هونەرمەندێك لە هەرکۆمەڵگایەکدا، پێویستە لە خاڵێکدا کە تایبەتە بەخۆی، ئەو رچەشکێنیە بکات.



## کریستین و ڕۆبەرت زۆرت

هەردوو ئەستێرەی سینەمایی بەریتانی ڕۆبەرت باتیسۆن و ئەمریکی کریستین ستیوارت لەسەرووی لیستی ساڵانەی گۆڤاری فۆربس هاتن وەك دوو خۆشەویست کە لە ٣ ساڵی ڕابردوودا زۆرترین داهاتیان هەبووە.

گۆڤارەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم دوو خۆشەویستەی لە زنجیرەی فیلمەکانی (twilight- شەفەق) یشدا ڕۆڵی خۆشەویست و پاڵەوان دەبینن توانیویانە بڕی ١٢٧ ملیۆن دۆلار کۆ بکەنەوە بەمەش پلەی یەکەمیان لە پڕ داهاتترین دوو خۆشەویستی هۆڵیۆددا بە دەستهێناوە.

هەر یەکە لە ڕایتشل ئادامز و شانینگ تاتۆم لە

## ئۆما تۆرمان ٥ ناو بۆ کچەکەی هەڵدەبژێرێت



ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی ئۆما تۆرمان هۆکاری هەڵبژاردنی پێنج ناوی بۆ کچە تەمەن ٦ مانگیەکەی خۆی ئاشکرا کرد، دوای ئەوەی ناوە درێژەکەی کچەکەی تۆرمان مشتومڕێکی زۆری نایەوە.

تۆرمانی تەمەن ٤٢ ساڵ لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئاشکرای کرد مایای کچی کە تەمەنی ١٤ ساڵە ڕازیی کرد بۆ ئەوەی ناوی کچە بچووکەکەی لە پێنج ناو پێك بێت بەم شێوەیە (ڕۆزالیندا ئۆرشا ئەرکادینا ئالتالۆن فلۆرانس)، تۆرمان ئەوەشی ڕاگەیاند لەبەر ئەوەی خۆی بڕیاریداوە کە منداڵی دیکەی نەبێت، بۆیە بەم بیرۆکەی کچەکەی ڕازی بووە هەرچەندە دڵنیا بوو لەوەی کە ئەم ناوە درێژە دەبێتە مایەی قسەکردنێکی زۆر لەلایەن خەڵکەوە، دەربارەی ئەوەی کە بۆچی سەرەڕای ئەمە پێنج ناوە کەچی بە لۆنا کچەکەی خۆی بانگ دەکات تۆرمان گوتی: من و هاوسەرەکەم لەسەر ناوێك لەو پێنج ناوە ڕێك نەکەوتین کە کچەکەمانی پێ بانگ بکەین بۆیە بڕیارماندا بە (لۆنا) بانگی بکەین.


## جەماوەر لە بینینی سزادانی سوڵتانە هویام بێبەش دەبن



# دیكابریۆ جگەرەی ئەلیكترۆنی بەكاردەهێنێت

ئەكتەری ناوداری سینەمایی لیۆناردۆ دیكابریۆ هەوڵ دەدات تەندروستیی خۆی باشتر رابگرێت ئەویش بە دووركەوتنەوە لە جگەرە كێشان، چونكە هەست دەكات جگەرە كاریگەرییەكی زۆری لەسەر تەندروستی ئەو هەبووە و بۆتە هۆی ئەوەی بەشێكی زۆر لە جوانییەكەی خۆی لە دەست بدات.

دوای فیلمی تایتانیك كە لیۆناردۆ رۆڵی (جاك)ی پاڵەوانی فیلمەكەی بینی، لیۆناردۆ بوو بە نموونەی جوانی و عاشقی كچان و ئەو دیمەنەی كە جاك تێیدا خۆی دەكاتە قوربانی بۆ ئەوەی (رۆز) لە سەرما و مردن رزگاری بێت و شوێنی خۆیشی لەسەر ئەو تەختەدارە دەدات بە خۆشەویستەكەی تاكو رزگاری بێت وایكرد كە لیۆناردۆ سەرنجی خۆی لە دڵی كچان لەسەرتاسەری جیهان بۆ خۆی رابكێشێت. گۆڤاری (كلۆزیر)ی فەرەنسی لەم بارەیەوە بڵاویكردۆتەوە كە لە كاتی وێنەگرتنی دوایین دیمەنی فیلمە نوێیەكە (زە وۆلف ئۆف وۆل ستریت) بینراوە كە جگەرەی ئەلیكترۆنی بەكارهێناوە، چونكە بە نیازە بە یەكجاری واز لە جگەرە كێشان بهێنێت بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێ ئەوەندە جوانییەی ماویەتی لەدەستی نەدات، لەلایەكی دیكەوە چەند سەرچاوەیەكی نزیك لە لیۆناردۆ رایانگەیاند ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە رۆبەرت باتیسۆنی ئەكتەر و هاوڕێی خۆیشی رازی بكات كە واز لە جگەرە كێشان بهێنێت تاكو ئەویش جوانییەكەی خۆی لە دەست نەدات.



## ...رین داهاتیان هەبووە

پلەی دووەم هاتن بە كۆكردنەوەی ١٢٥ ملیۆن دۆلار و جنیڤەر ئەنیستۆن و ئادەم ساندلەر لە پلەی سێیەم هاتن بە ١٠٣ ملیۆن دۆلار و سارە جیسیكا پاركەر و كریس نۆس لە پلەی چوارەم هاتن بە ٩٥ ملیۆن دۆلار.

شایەنی گوتنە گۆڤاری فۆربس كە گۆڤارێكی ئابوورییە ساڵانە داهاتی كەسایەتییە بەناوبانگەكانی جیهان ئاشكرا دەكات لەگەڵ داهات و زیانەكانیان و هەمیشە گرنگیی بە دەوڵەمەندەكانی جیهان و سامانیان دەدات و لە چەند ساڵی رابردوودا هونەرمەند و وەرزشكار و راگەیاندنكارەكانیش سەروەت و سامانەكانیان لە رێگای ئەم گۆڤارەوە ئاشكرا دەكرێت.



دوای ئەو مشتومڕە زۆرەی كە زنجیرە درامای توركی (حريم السلطان) دروستی كرد بەهۆی ئەو رەخنە زۆرانەی كە لێی گیران بەتایبەتی لەلایەن رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی توركیاوە، بەپێی چەند سەرچاوەیەكی نزیك لە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری زنجیرەكە، لە دوای كۆتایی هاتنی بەشی سێیەم وێنەگرتنی زنجیرەكە كۆتایی دێت، بەڵام بێ ئەوەی پەلە لە رووداوەكانی بكرێت وەك ئەوەی پێشتر بڵاوبۆوە.

ئێستا نووسینی بەشی چوارەمیش تەواو بووە، بەڵام پێدەچێت بینەران لە بینینی سزادانی سوڵتانە هویام بێبەش دەبن لە كاتێكدا بەشێكی زۆری بینەران بە پەرۆشەوەن كە ببینن هویام سزا دەدرێت، لەلایەكی دیكەوە و دوای لە سێدارەدانی (ئیبراهیم پاشا) كە ئەكتەری توركی ئۆكان یلابیك رۆڵی دەبینێت، ستافی زنجیرەكە ئاهەنگێكی تایبەتیان بۆ ساز كرد، چونكە رۆڵی تەواو دەبێت، هەر بەم بۆنەیەوە فیلمێكی تۆماریان نمایش كرد كە گرنگترین دیمەنەكانی ئیبراهیم پاشای تێدا بوو و دوای كۆتایی ئاهەنگەكەش ئۆكان بۆ بەسەر بردنی پشوو رووی لە ئەمریكا كرد و بڕیارە تا مانگی ئەیلوول لەوێ بمێنێتەوە.

# گوڵەباخ بەهرامی: ئافرەتانی هونەرمەند لە گوتنی گۆرانیدا نەیانتوانیوە تێکستی گونجاو هەڵبژێرن

گوڵەباخ بەهرامی شاعیر و راگەیاندنکار لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانی لەلایەن گۆرانیبێژانەوە دەڵێت: لە هەڵبژاردنی تێکست بۆ گۆرانی، ئەوەی کە زۆر دەتوانێت کاریگەر بێت، ئامانج لە دەستپێکی کارە هونەرییەکەیە و دواتر جوانی دەقێکی ئەدەبی کە بۆ گۆرانی شیاو بێت، زۆر جار لای هونەرمەندانی ئێمە سەلیقەی هەڵبژاردنی تێکست ناگاتە ئەو ئاستەی کە بەرهەمی جوانی تێکەڵ بە ئاوازو مۆسیقا بەرهەم بێنێت هەر بۆیە کارەکانیان سەرکەوتوو نابێت.


زۆر جار باس لە تێکستی ئافرەتان دەکرێت کە وەك پێویست لە گۆرانیدا بەکار ناهێنرێت تەنانەت لەلایەن خودی ئافرەتە گۆرانیبێژەکانیشەوە، گوڵەباخ دەڵێت: سەبارەت بە ئافرەتانی شاعیر و تێکستی شیعری ئافرەتان بۆ گۆرانی، دەتوانم بڵێم کەموکوڕیی زۆر هەیە لەو بوارەدا، بەداخەوە ئێمە زۆرجار نەمانتوانیوە ئامانجی راستەقینەی خۆمان لە نووسین یا لە کارێکی هونەریدا پێناسە بکەین هەر بۆیە ئافرەتانی هونەرمەند لە گوتنی گۆرانیدا نەیانتوانیوە تێکستی گونجاو هەڵبژێرن و زۆر جار بینیومانەو گوێبیستبووینە کە ئافرەتێک وەسفی جوانی و چێژی ئەندامانی جەستەی ئافرەت دەکات کە ئەمە سەرکەوتوو نەبوونی کارە هونەرییەکە دەگەیەنێت.

ئەم ئافرەتە شاعیرە زیاتر دەڵێت: لەم بوارەشدا ئافرەتانی شاعیر نەیانتوانیوە هەوڵبدەن کە هاوکاریی هونەرمەندانی ئافرەت بن بە دانانی تێکستی گونجاو و باش بۆ گۆرانی، لە پێشکەوتنی هونەری کوردیدا بەشداربن، هەندێك جار کۆمەڵگا وا لە مرۆڤ دەکات ئاراستەی راستەقینەی کار و ئامانجەکانی لە رەهەندێکی دیکەدا ببینێتەوە کە بە دڵخوازی خۆی نەبێت. ئەمەش بەلاڕێداچوونی ئیرادەی مرۆڤە لە ژێر گوشاری نەریت و کۆمەڵگادا بەتایبەت کۆمەڵگای ئایینی چەقبەستوو کە رێگرە لە بەردەم گەشە و سەرکەوتنی تاکەکاندا.

گوڵەباخ پێیوایە هونەرمەندانی زۆر گەورە بە دانانی مۆسیقاو ئاواز بۆ شیعری شاعیرانی گەورەی کورد رۆحێکی جوانترو مەزنتریان کردۆتە بەر ئەو تێکستە شیعریانەی کە جوانیی هونەرەکەیان سەد هێندە بەرزتر کردۆتەوە. من لەوباوەڕەدام کە هونەر بە گشتی رۆحێکی جوانیناسی و سەلیقەیەکی هونەری جوانی پێویستە تا بتوانێت خۆی لە ئەزموونە گەورەکاندا تاقی بکاتەوە.

لە کۆتاییشدا گوڵەباخ دەڵێت: هیوادارم ئافرەتان بتوانن یارمەتیدەری پێشکەوتنی هونەری کوردی بن بەتایبەت هونەری کوردی لای هاورەگەزەکانیاندا.





## برادەر خەریکی چییە؟

هونەرمەندی گەورەی کورد برادەر رایگەیاند ئێستا چەند گۆرانییەکی نوێی ئامادەیە بۆ ئەوەی کاریان تێدا بکات و لەم ساڵەدا بڵاویان بکاتەوە، برادەر لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان روونیکردەوە جگە لەم کارانە بەردەوامە لە کار کردن لەسەر سەمفۆنیای (رێرەوە مێژووییەکەی بارزانی نەمر) بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و وتی: هونەرمەند پێویستە هەمیشە کاری نوێی هەبێت بۆ ئەوەی پێشکەش بە جەماوەری خۆی بکات و خزمەتێك بە میللەتەکەی بگەیەنێت، من وەك هونەرمەند ئەگەر بارودۆخەکە لە بار بێت لە هەموو لایەکەوە هەمیشە کاری نوێم ئامادەیە، ئێستاش ژمارەیەك گۆرانی نوێم ئامادەیە و هەر کە دەرفەت و بوارم هەبێت دەتوانم کاری نوێ پێشکەش بکەم، بەڵام یەکێك لەو کارانەی کە بۆ من مایەی شانازییە و ئێستا خەریکی ئەنجامدانیم لەگەڵ چەندین هونەرمەندی دیکەی کوردستان داستانی (رێرەوە مێژووییەکەی بارزانی نەمرە) بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ئەم داستانە موزیك و سەمفۆنیای فۆلکلۆریشی تێدایە و ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی کوردستان لەم داستانە هونەرییەدا بەشدارن لەوانە سەعید گاباری و حەسەن شەریف و کازۆ.

هەر سەبارەت بەم کارە برادەر وتی: پرۆژەکە لە چەند قۆناغێك پێکدێت و تا ئێستا بەشێکی کارەکانی تەواو بووە لەوانە قۆناغی یەکەمی ئارانجەکەی، بەڵام پێویستی بە ئۆرکێسترایەکی گەورەیە، گۆرانیبێژەکان هەموویان کوردن و ماوەی سەمفۆنیایەکە ٢٢ خولەکە و ئەگەر قۆناغی دووەمی کارەکە دەست پێبکەم پێویستە لە کوردستان و ئەورووپا و ئەستەنبول کارەکان بە ئەنجام بگەیەنم.

برادەر ئەوەشی راگەیاند کە ئەم کارە بودجەیەکی زۆری پێویستە، چونکە کارێکی هونەری زۆر گەورەیە، بەڵام تائێستا هیچ لایەك هاوکاری نەکردووە و ئەوەشی خستە روو کە هەڵبەستی ئەم داستانە هی شاعیری نەمر پیرەمێرد و شاعیری گەورە بەدرخان سندییە و تا ئێستا بەشێکی ئەم داستانە بە کۆتا هاتووە، و ئاوازەکەیشی هونەرمەند برادەر خۆی دایناوە..

# کاوە قادر:
# هەر ئەکتەرێک بەشداری کاری دۆبلاژ بکات خزمەت بە کاری بیانی ناکات

**هونەرمەند کاوە قادر تا ئێستا بەشـــداری لە چەندیـــن کاری درامـــا و فیلمی ســـینەماییدا کردووە و ڕۆڵی جیاجیای بینیوە وەك ئەکتـــەر، وەك دەرهێنـــەر و یاریـــدەدەری دەرهێنەریـــش بەشـــداریی چەند کاری کردووە، لـــە دەرفەتێکدا گـــوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد.**

*** ئـــەو توانا مرۆیـــی و ماددییەی لـــە دۆبلاژکردنی زنجیرە کۆرییەکاندا خەرج دەکرێت باشـــتر نییـــە لەکارێکی کوردیدا خەرج بکرێت؟**

- ئێمە تاوەکو ئێســـتا لە ئەزموونـــی بەرهەمهێنانی درامای کوردیداین، ئەم باســـە قســـە زۆرهـــەڵ دەگرێت ئەوەنـــدە دەڵێم جیاوازییەکان زۆرن

**• بۆچـــی بەشـــێك لە ئەکتـــەرەکان بە دەنگیان بەشـــدارن لە دۆبلاژکردنـــی زنجیـــرە بیانییەکان، لە کاتێکـــدا زیاتر خزمەت بە کلتووری ئەو نەتەوانە دەکەن؟**

- منیـــش لەگەڵ ئەوەدام . دەبێت ئەو داهاتە بۆ بەرهەمهێنانی درامای کوردی بێت..بەڵام کام بەرهەمە؟

*** کەناڵە کوردییەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە لە نمایشکردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان؟**

- پێم وانییە هەر ئەکتەرێک بەشـــداریی کاری دۆبلاژ بکات ئـــەوە خزمەتی بە کاری بیانی کـــردووە . کاری دۆبلاژ کاری سووک وســـانا نییە .هەموو کەسێکیش ناتوانێت ئەو کارە بکات گرنگ بەشداربوون نییە گرنگ گەیاندنی ئەو حاڵەتەیە، دۆبلاژ لە هەموو دنیای ئێســـتا بـــاوە گەر بڕوانیتـــە کەناڵەکانی نایل ســـات تاوەکو کارێکی خۆیان دایدەبەزێنن بەدەیان کاری دۆبلاژ پەخش دەکەن. خۆ ئەمەش وابێت ئەوانیش خزمەت بە بێگانەکانی خۆیـــان دەگەیەنن. بەپێچەوانەوە ناســـاندنی کەلتوورێکی جیاواز بەکەلتووری خۆیان دەناسێنن بە بینەر، من دەزانم بینەری کوردیش بەشدارە لە بینینی ئەو کارانە لەو کەناڵانەوە،بەڵام منیش لەگەڵ هەموو کارێکدا نیم پێشکەش بکرێت.

*** تێبینـــی دەکرێت ڕکابەرێتییەکی توند هەیە لە نێوان کەناڵە کوردییەکان بە ئاسمانی و لۆکاڵییەکان لەسەر پەخش کردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان، ئەمەیان هۆکارەکەی چییە؟**

- کەناڵەکان ئازادن چی بڵاو دەکەنەوە،دیارە بوونی بۆشاییەکی گەورەیـــەو بۆ پڕکردنەوەیان پێویســـتیان بەو کارانەیە، لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانین بڵێین هەرزانن و ئەوەندەی تێناچێت.

*** باشـــتر نییە ئەو ڕکابەرێتییە لەسەر بەرهەمهێنانی درامای کوردی بێت؟**

- پێشتر ئاماژەم بە شتێک دا، ڕەنگە لاسایی کردنەوەش بێت.

**• لـــە کاتێکدا ئێمـــە خاوەن توانای مرۆیـــی زۆرین لە بواری درامادا چ وەك دەرهێنەر یان ئەکتەر، وەك ئەکتەرێك هەست بەچی دەکەیت کە هەندێك ساڵ هیچ بەرهەمێکی درامی بوونی نییە؟**

- دەرهێنەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی وتم: لەشکرێکی بێشـــومار لە ئەکتەر هەیە لێرە هەمووشیان بە تواناو پڕ ئەزموونن، بەڵام لە پشتی کامێراوە پێویستیان بە تواناکان هەیە . سیناریۆنووس کەمن سیناریۆ لەبەردەست نین ..پاشان دەرهێنەرەکان بە پەنجەی دەســـت دەژمێردرێن، ئەمەش کاریگەری هەیە لەســـەر سســـتی چالاکیەکان، دەمەوێ بڵێم من چی دیکە لەکاری کرچ و کاڵدا بەشدار نابم.

**• راشکاوانە پێمان بڵێ هەست دەکەیت وەزارەتی ڕۆشنبیری بە یەکســـانی هاوکاریی سینەما و شانۆ و دراما دەکات یان جیاوازی دەکات ؟**

- پرسیارێکی سەیرە دەبێت پێش وەخت جیاکارییەک بکەین،من بۆ خۆم لەبواری دراماو ســـینەمادا کار دەکەم،بێگومان تێچوونی کاری شـــانۆیی جیاوازە لە تێچوونی کاری سینەمایی،بۆ نموونە دروست کردنی کورتە فیلمێک وەکو ئەوەی کە ئێمە تێیدەڕوانین بەو ئاسانیە نییە، خۆئامادە کردنی پێش وەختی دەوێت ئامادەکردنی لۆکەیشن و ..کاستین بۆ نواندن و ستافی پشتی کامێراو مۆنتاژ و جۆری کامێراو دەنگ هەڵگر و تا دوایی دەوێت چۆن بودجەی ئەو دووانە وەکو یەک و بە یەکسان بەراورد دەکرێن؟

*** دوایین کار و کاری داهاتووت چییە؟**

- لە ســـاڵی ٢٠١٢ بەشـــداریم کرد لە ٣ کاری ســـینەمایی ١- کورتـــە فیلمی ســـپی و ڕەش لە دەرهێنانـــی دانا کەریم ٢- فیلمێ درێژی سەمای ئەســـپەکان وەک نواندن و یاریـــدەدەری دەرهێنەر لـــە دەرهێنانی سەردار خەلیل ٣-فیلمی درێژی گەڕان بەدوای شوناســـدا لـــە دەرهێنانی ئاوات عوسمان.

